وەزارەتی ناوخۆ

**بەیانی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (بیساتا سەری)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٧٦٩٧) لە ٢٠٢٥/١٢/٢٣ و لە بەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە:-

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (**بیساتا سەری**) و چەسپاندنی لە سەر نەخشەی گادسترۆ بەپێی ماددەی یەکەم/٤ لە ڕێنمایی سەرەوە لە سنوری ناحیەی قەسرۆک/ لە قائیمقامیەتی قەزای شێخان/ پارێزگای دهۆک بە ڕووبەری (-،٢٠،١٤) چواردە دۆنم و بیست ئۆلک لەسەر پارچە زەویی ژمارە (١) لە کەرتی ١١٤/ جبل بیسات وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

---

وەزارەتی ناوخۆ

**بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٦**

**گواستنەوەی گوندی (گوڵانی سەروو)**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بەفراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بەنووسراوی پارێزگای سلێمانی ژمارە (٣٧٢ لە ٢٠٢٦/١/١٤) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندابە:

**یەکەم:** گواستنەوەی گوندی (**گوڵانی سەروو**) جەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادسترۆ بەپیی ماددەی یەکەم /٥ لە ڕێنمایی سەرەوە سەر بە ناحیەی باوەخۆشێن /قەزای دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی بە ڕووبەری (١٥،٢،٨٢) پازدە دۆنم و دوو ئۆلک و هەشتاو دوومەتر دوجا لەسەر بەشێك لە پارچە زەوییەکانی ( ٥٦ ، ٦٧/١، ٦٧/٢) لە کەرتی (٣١ /گوڵانی فقێ جنە )

وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای سلێمانی لە سەرەوە هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**